## نێچیری هەفتە

# عەلی مەحمود محەمەد

# ڕێگای کوردستان

–ڕۆژانە ملوێنان کورد ئەگەر هەڵبەستی ئەیرەقیبیش نەڵێنەوە ئەوە دەزانن کە ئەم سرودە نەتوایەتییە لە سەروتنەوەی تا ئێستا هەزاران شەهید بووە دڵداری کۆمۆنیست نووسیویەتی , کەچی لە هەولێر کە یادی ئەم شاعیرە دەکرێتەوە دوو ڕیز کورسی پڕ نابێتەوە , ئەو پارتەشیان بانگهێشت نەکرد بۆ یادەکەی کە دڵدار تا دوا چرکەی ژیانی ئەندامی بوو بارەگاکەی تەنها10 مەتر لە هۆڵەکەوە دوور بوو!!!!. دەسەڵاتداران نەک تەنها ئێستا دەخۆن و دەبەن بەڵکە مێژووش لوشە دەدەن!!. ئەگەر مێژوو تا ئێستا دەسەڵاتداران نوسیبێتیانەوە ئەوا ئێستا بێدەسەڵاتان دەتوانن بەدرۆی خەنەوە.

– نەمبینییوە لە هیچ شوێنێکی دنیا میراتی گەلێک دوو کەس دابەشی بکەن , تا ئێستاش بەدەست سایکیس پیکۆوە دەناڵێنین سایکس پیرمامیش هاتە سەری , ئەوان موستەعمەرەیان دابەش کرد ئەمان زەوی وداهات و بژێوو بێلایەن و پارت و نەتەوەکان کوردستان . وا بڕۆیشتایە هەموو کورد بە مردوو ئەوانەشی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژی خۆیان تەواو نەکردووە دەبوونە ئەندامی فەوجەکانی خوفیفەی دەنگدان و عەشیرەتە مۆدێرنەکانی کۆمەڵگەی دەنگ فرۆشتن , بەڵام سایکس پیرمام دوای خست بۆ 12 مانگی کە. جەماوەریش تێگەیشت سیاسەت بۆ گیرفانە ناونوسینیش بۆ فریودان.

– گەریلایەکی یەکەکە لە هەولێر خۆی تەحویل داوەتەوە , تەعەهودێکیان پێی پڕ کردۆتەوە کلێشەکەی لەگەڵ ئەوەی سەردەمی سەدام جیاوازی نییە تەنها ئەوە نەبێت ئەوەی کۆن مانگی جارێک دەبوایە سەرت لە بارەگای حیزب بدایا ئەمە 15 ڕۆژ جارێک , ئەو دەتتوانی جگە لە بەعس لە پارتە کارتۆنییەکانی کەش ناوت بنوسیایە ئەمەیان تەنها پارتی دەسەڵاتدار . ئەمەیە دیموکراسییەت و کۆمەڵگەی مەدەنی .

– تەلەفزیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لەم شەوانەدا سەریکرد بە بەشێکی ناوخۆیی قوتابیاندا کەم و کوڕییەکانیانی گەیاندە جەماوەر , تا ئێرە گازندەی ناوێت . بەڵام مافی خۆمانە بپرسین لە دوای ڕاپەڕینەوە هیچ تەزبێحێک ناتوانێت ژمارەی ئەو مزگەوتە گەورەو بچوکانە بژمێرێت کە ئەوان بە کۆمەکی دەوڵەمەندانی کەنداو دروستیان کردووە لە لادێکانی دەم جادە سەرەکییەکانی کوردستان , ئەگەر دڵسۆزی قوتابیان و خوێندنن دەیان توانی دوو ژوور بۆ بەشی ناوخۆیی و یەک دوو قوتابخانە بۆ منداڵان دروست بکەن ؟؟؟. یان قوتابخانە شوێنی عیلمی شەیتانییە و زەکاتی خەلیجییەکان شمولیناکات ؟؟.بەڵام مزایەدە کردن بە مافی قوتابییانەوە بۆ هەڵبژاردن بە کەڵکە.

– پارتی جوتیاران و چەوساوەکانی کوردستان کە بیرم لێیان دەکردەوە وام دەزانی قەڵەشی ناو لەپییان پەنجە کەڵەم قوتە دات , بەڵام کە لە تەلەفزیۆنەوە وەفدێکی پۆشتەو خڕو پڕییانم بینی ئەوجا ووتم بەرپرسانی پارتە بۆرژاکانی دیکە مافی خۆیانە کۆلیسترۆلییان بۆ 400 سەرکەوێت و خانوەکانییان بە فەردە دفتەرە دۆلار هەڵلوشێت!!.